# سكالاٌ

خالەبەكر

سەبا يارانی مەجليس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت*

پێيان بڵێ..

زەمەنێكە بە دوای چاوی..

نەمامێكا سەر گەردانە،

وێڵی پێ دەشت و بن بنارو چياكانە..

ئۆقرە براوەو چنگی ناكەوێ لانە..

پێيان بڵێ..

زەمەنێكە وەك دێوانە بێ دەربەستە..

كاڵا نەپۆشەو سەر مەستە..

پێيان بڵێ..

لەدێرەوە، دڵی شەيدای..

بەساوايی پێ شێل كرا..

ئاگر گرن..!

هەر نەيانهێشت..

بەچاوانی ببێ ڕەوا..

پێشيان بڵێ..

لەو ساتەوە چاوەكانی..

بە ئەشكێ سوێر چاو دەڕێژن..

كە تا ئێستا هيچ چاوێكی ئەم مەجليسە نەيپرشتبن..!

بەلای لايەی كەسێ دەنوێ..

كە تا ئێستا ووشەكانی،

لە گەروودا هەر زيندوو بێ..

بە، بەرۆكی پێخەفێكا هەڵدەزنێ..

كە، تا ئێستا..

هيچ شەكەتێ لە خۆنەگرێ،

پێشيان بڵێ..

هەنوكە ئەو، وا هەست دەكا..

نەوڕەسێك بێ، بێ دەرەتان..

ئەم ئاسمانەش.. !

دەرگایەك بێ..

دووچاوانی،

بێچوە عەیار،

بەڕووی ئەوا دایخستبێ.

***

*مستەفابەکی کوردی.

bakeramin@hotmail.com